# سوێد بەم جۆرە دەنۆڕێتە ئیسلام

نووسینی: ئەندەش یۆرانسسۆن(Anders Göransson).

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە بۆ کوردی: ئەمجەد شاکەلی.

65%ی سوێدییەکان پێیانوایە، کە نابێت ئاسانکاریی بکرێت بۆ ئەنجامدانی نەریت و ڕێسا و پێڕۆیەکانی ئیسلام لە سوێد.

53%ی سوێدییەکان دژی ئەوەن، ژنان لە جێی کار، چارشێو بەسەردا بدەن.

63%ی سوێدییەکان پێیانوایە، ئیسلام چ فەرهەنگێکی سەرنجڕاکێشی نەبەخشیوە.

39%ی سوێدییەکان پێیانوایە، کە دەبێ سنوور بۆ کۆچکردنی موسوڵمانان بۆ سوێد دابنرێت.

42%ی سوێدییەکان پتر گومانیان لەخەڵکانێکە، کە بڕوایان بە ئایینی ئیسلامە.

1. بۆ پێتوایە سوێدییەکان لە موسوڵمانان دەترسن؟

2. ئایا تۆ پێتوایە، کە وایە؟

عەبدولقادر حەبیب، 33 ساڵان، مامۆستا، دانیشتووی گەڕەکی ڕینکەبوی(ستۆکهۆڵم):

1. ئێمە فەرهەنگێکی نامۆین بۆ ئەوان و زۆرترین شتگەلێکیش لەبارەی ئێمەوە لە میدیادا پەخش دەکرێتەوە شتگەلێکی نێگەتیڤن.

2. بەڵێ زۆرجاران، کە شتێکی نێگەتیڤ ڕوودەدات ئاماژە بە ئێمە دەکرێت.

چیمەن حاجی، 22 ساڵان، خوێندکار، دانیشتووی شەرهۆڵمن(ستۆکهۆڵم):

1. ئەوان لەو شتانەی شارەزاییان لەبارەوە نییە دەترسن و زۆرکەمیش لەمەڕ فەرهەنگی ئێمەوە دەزانن.

2. بەڵێ ئەوان هەڵوێستێکی خراپ بەرانبەر ئەو کچانەی سەرپۆش دەپۆشن دەنوێنن و ئەوەیش لە بازاڕی کاردا دەبینرێت.

عەلی موراد، 39 ساڵان، کارمەندی پۆست، شیستا(ستۆکهۆڵم):

1. ئێمە پاشخانی جیاوازمان هەیە و کاریکی سەختە سوێدییەکان وا لێ بکرێن لە ئێمە تێبگەن.

2. بەڵێ لە سەرەتای هاتنمدا بۆ سوێد بۆ من سەخت بوو لە نێویاندا بتوێمەوە.

زۆرێک لە سوێدییەکان نێگەتیڤانە دەتۆڕنە فەرهەنگ و پێوەر و هەڵسەنگاندنی موسوڵمانان. 60%ی سوێدییەکان پێیانوایە پێوەر و هەڵسەنگاندنەکانی ئیسلام لەگەڵ پێوەر و هەڵسەنگاندنە بنگەییەکانی نێو کۆمەڵگەی سوێددا یەک ناگرنەوە. هێلێنا بینعەوودە(Helena Benaouda) سەرۆکی ئەنجومەتی موسوڵمانانی سوێد دەڵێ:"ئێمە، کە ئەم ژمارانەمان بینی، حەپەساین. بەڵێ ئێمە هەستمان دەکرد، گەلێک هەڵوێستی نێگەتیڤانە دژی ئێمە هەن، بەڵام هەرگیز چاوەنواڕی ئەوە نەبووین، هێندە زۆر بن. مرۆڤ ئەوەی دێتەوە بیر، کە سەردەمی نازییەکان چۆن بوو، پێش ئەوەی ڕاوەدوونانەکان ڕوو بدەن. نەزانین لەبارەی ئیسلام و مامەڵەکردنێکی ناعادیلانەی لە میدیادا، کاریگەریی خۆیان هەیە. دیتنی سوێدییەکان لەبارەی موسوڵمانەکانەوە لە دوو فۆرمدا، کە لە لایەن کارگێڕیی گونجاندن و تێکەڵکردنەوە دانراون، خراوەتە پێش چاو".

سەرجەم 2577 سوێدی وەڵامی ئەو فۆرمانەیان داوەتەوە. 56%یان پێیان سەختە باربکەنە دەڤەرێک، کە زۆر موسوڵمانی تێدا نیشتەجێ بن. 60%یان پێیانوایە زانیارییەکی خراپیان لەبارەی ئیسلامەوە هەیە. هەرچەندە ئەو ژمارانە وا نیشان دەدەن، بەڵام ئەندەش کالگرێن(Anders Calgren)ی سکرتێری گشتیی کارگێڕی گونجاندن پێیوایە، کە "هەندێک نیشانەی "ئیسلامۆفۆبیا(ترس لە ئیسلام)" هەن و دەڵێ:"پێش هەر شتێک ئەوە هەڵوێستوەرگرتنێک نییە دژی موسوڵمانەکان وەک تاک. لەم جۆرە پرسانەدا خەڵک زۆر جیاوازن. من بە گشتی وەک هاندانێک بۆ گفتوگۆیەکی ڕاستینە لێکیدەکەمەوە". کالگرێن بە ئاژانسی هەواڵی (TT) دەڵێ:"ئەوان لە بارەی ئیسلامەوە وەک ئایین پرسیان هەیە".

سەرچاوە: Metro, fredag 2 september, 2005

# سوێد بەم جۆرە دەنۆڕێتە ئیسلام

**نووسینی: ئەندەش یۆرانسسۆن(Anders Göransson).**

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە بۆ کوردی: ئەمجەد شاکەلی.**

65%ی سوێدییەکان پێیانوایە، کە نابێت ئاسانکاریی بکرێت بۆ ئەنجامدانی نەریت و ڕێسا و پێڕۆیەکانی ئیسلام لە سوێد.

53%ی سوێدییەکان دژی ئەوەن، ژنان لە جێی کار، چارشێو بەسەردا بدەن.

63%ی سوێدییەکان پێیانوایە، ئیسلام چ فەرهەنگێکی سەرنجڕاکێشی نەبەخشیوە.

39%ی سوێدییەکان پێیانوایە، کە دەبێ سنوور بۆ کۆچکردنی موسوڵمانان بۆ سوێد دابنرێت.

42%ی سوێدییەکان پتر گومانیان لەخەڵکانێکە، کە بڕوایان بە ئایینی ئیسلامە.

1. بۆ پێتوایە سوێدییەکان لە موسوڵمانان دەترسن؟

2. ئایا تۆ پێتوایە، کە وایە؟

عەبدولقادر حەبیب، 33 ساڵان، مامۆستا، دانیشتووی گەڕەکی ڕینکەبوی(ستۆکهۆڵم):

1. ئێمە فەرهەنگێکی نامۆین بۆ ئەوان و زۆرترین شتگەلێکیش لەبارەی ئێمەوە لە میدیادا پەخش دەکرێتەوە شتگەلێکی نێگەتیڤن.

2. بەڵێ زۆرجاران، کە شتێکی نێگەتیڤ ڕوودەدات ئاماژە بە ئێمە دەکرێت.

چیمەن حاجی، 22 ساڵان، خوێندکار، دانیشتووی شەرهۆڵمن(ستۆکهۆڵم):

1. ئەوان لەو شتانەی شارەزاییان لەبارەوە نییە دەترسن و زۆرکەمیش لەمەڕ فەرهەنگی ئێمەوە دەزانن.

2. بەڵێ ئەوان هەڵوێستێکی خراپ بەرانبەر ئەو کچانەی سەرپۆش دەپۆشن دەنوێنن و ئەوەیش لە بازاڕی کاردا دەبینرێت.

عەلی موراد، 39 ساڵان، کارمەندی پۆست، شیستا(ستۆکهۆڵم):

1. ئێمە پاشخانی جیاوازمان هەیە و کارێکی سەختە سوێدییەکان وا لێ بکرێن لە ئێمە تێبگەن.

2. بەڵێ لە سەرەتای هاتنمدا بۆ سوێد بۆ من سەخت بوو لە نێویاندا بتوێمەوە.

زۆرێک لە سوێدییەکان نێگەتیڤانە دەنۆڕنە فەرهەنگ و پێوەر و هەڵسەنگاندنی موسوڵمانان. 60%ی سوێدییەکان پێیانوایە پێوەر و هەڵسەنگاندنەکانی ئیسلام لەگەڵ پێوەر و هەڵسەنگاندنە بنگەییەکانی نێو کۆمەڵگەی سوێددا یەک ناگرنەوە. هێلێنا بینعەوودە(Helena Benaouda) سەرۆکی ئەنجومەتی موسوڵمانانی سوێد دەڵێ:"ئێمە، کە ئەم ژمارانەمان بینی، حەپەساین. بەڵێ ئێمە هەستمان دەکرد، گەلێک هەڵوێستی نێگەتیڤانە دژی ئێمە هەن، بەڵام هەرگیز چاوەنواڕی ئەوە نەبووین، هێندە زۆر بن. مرۆڤ ئەوەی دێتەوە بیر، کە سەردەمی نازییەکان چۆن بوو، پێش ئەوەی ڕاوەدوونانەکان ڕوو بدەن. نەزانین لەبارەی ئیسلام و مامەڵەکردنێکی ناعادیلانەی لە میدیادا، کاریگەریی خۆیان هەیە. دیتنی سوێدییەکان لەبارەی موسوڵمانەکانەوە لە دوو فۆرمدا، کە لە لایەن کارگێڕیی گونجاندن و تێکەڵکردنەوە دانراون، خراوەتە پێش چاو".

سەرجەم 2577 سوێدی وەڵامی ئەو فۆرمانەیان داوەتەوە. 56%یان پێیان سەختە باربکەنە دەڤەرێک، کە زۆر موسوڵمانی تێدا نیشتەجێ بن. 60%یان پێیانوایە زانیارییەکی خراپیان لەبارەی ئیسلامەوە هەیە. هەرچەندە ئەو ژمارانە وا نیشان دەدەن، بەڵام ئەندەش کالگرێن(Anders Calgren)ی سکرتێری گشتیی کارگێڕی گونجاندن پێیوایە، کە "هەندێک نیشانەی "ئیسلامۆفۆبیا(ترس لە ئیسلام)" هەن و دەڵێ:"پێش هەر شتێک ئەوە هەڵوێستوەرگرتنێک نییە دژی موسوڵمانەکان وەک تاک. لەم جۆرە پرسانەدا خەڵک زۆر جیاوازن. من بە گشتی وەک هاندانێک بۆ گفتوگۆیەکی ڕاستینە لێکیدەکەمەوە". کالگرێن بە ئاژانسی هەواڵی (TT) دەڵێ:"ئەوان لە بارەی ئیسلامەوە وەک ئایین پرسیان هەیە".

سەرچاوە: Metro, fredag 2 september, 2005